# کونگرەی روژنامەڤانی بو فروکەڤان ئەرژەنگ بابەکر



**راپورت / حەکیم حکمت**

ل ٢٠١٠/١/٢٨ ناڤـــەندا پەیامنێـــرێن میـدیایی ل دهوکی کـونگرەکی روژنامـەڤانی بوو، فـروکـەڤـانی کـورد (ئەرژەنگ بابەکـر) رێکخست.

د کونگرەی روژنامەڤانی دا فروکەڤانی کورد راگەهاند یەکـەم کەس بوویمە ل سـەر ئاسـتی عـێـراقی و ب بەشدارییا ٧ کەسان ل کولیژا شاهی ل بەریتانیا دەرچویم ب فراندنا فروکێن جەنگی ب ١٧٠ دەمژێرێن فرڕینا فـێربوونی و ٢ میدالیێن سەرکەفتنی ل سەر ١٨ قوتابیێن فـروکـەڤـان ل سـەر ئاسـتی کـولیـژی ژلاییـ سـەروکی هێـزێن ئەسـمـانیـیـا یا بەریتـانیـا بدەسـتـخـوڤـە ئینـاینە، هەژی گـوتنی یە کـو ل سـەر ئاسـتی هەرێـمـا کـوردسـتـانی ٢ کـەس بەشداری کولیژا شاهی بوینە ل بەریتـانیا و ٥ کەسێن دی ژ عـێراقا فـیدرال بوون و دبەرسڤا پرسیارەکی دا گوت ئەس خو ب سەربلند دزانم وەک کـوردەک فـروکـەڤـانبم و یەکـەم دەربجم و هەڵبەت هەگەر رژێما بەعس رێک دابا کورڕێن کـوردا بو خواندنا زانسـتی فرڕینی ل کـولیـژێن فروکەڤانیی نوکە مە ب سەدها فـروکـەڤـانێن کورد هەبانە لی پشتی ژناڤـچونا رژێما پێشی ل سـالا ٢٠٠٣ دەلیـڤـە بو کـوردان هاتیـە روخساندن. هەژی گوتنێیە کو کولیژا شاهی ل بەریتـانیا یا فـێربوونا فروکـەڤانیی ژ کولیـژێن بناڤ و دەنگە ل سـەر ئاسـتی جـیـهـانی و قـوتابی ل هەمی وەلاتان بەرەڤ کولیـژی دچن و ل سالا ١٩١٩ هاتیە ڤەکرن.

---



## نانسی لە رۆژی خۆشەویستیدا بەرهەمە تازەکەی بڵاودەکاتەوە

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵی لوبنان رایانگەیاند، کەوا خانمە گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی (نانسی عەجرەم) بەرهەمە تازەکەی لە جەژنی خۆشەویستیدا واتە ڤالانتاین دەخاتە بەر گوێی بیسەران و هەوادارانی دەنگی خۆی، ئەو بەرهەمەی هونەرمەندی ناوبراو لە ژێر ناونیشانی (امتی اشوفک)ە، لە هۆنراوەی شاعیری لوبنانی نەبیل خەلەفە، هەروەها ئاژانسەکان ئاماژەیان بەوەشکردووە، کە ئێستا نانسی سەرقاڵی وێنەگرتنی ئەو گۆرانییە، کە بەشێکی کاری دەرهێنانی لەلایەن قادر عەلی وێنەگیراوەو بڕیارە بەمزووانە لە سەرجەم کەناڵەکان پەخش بکرێت، واش چاوەڕوان دەکرێت بە پرفرۆشترین ئەلبوومی ساڵی ٢٠١٠ دەستنیشان بکرێت.

**ئا: شەیدا**

## قەڵەوترین ماسی راوکرا

ماسی ئەو خواردنەیە کە سوودی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ، راوچیانی ماسی لە کاتی راوکردنیان تووشی چەندەها جۆری سەیروسەمەرەی ماسی دەبنەوە لە روی شێوەو قەبارەی جیاجیا.

کۆمەڵی راوچی ماسی لە ئەڵمانیا توانیان ماسییەک راوبکەن کە کێشەکەی ٢١٠ کیلۆگرام بوو، لەبەر گەورەیی و قورسی وێنەی ماسییەکە لە زۆربەی ماڵپەرەکان و گۆڤارەکان رۆژنامەکان بڵاوکراییەوە.





## بریتنی کراسەکەی خۆی دەفرۆشێت!!

پارێزەری گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکی (بریتنی سپێرز) رایگەیاند کە بریتنی ئەو کراسەی خۆی دەخاتە مەزادێکی ئاشکراوە کە پێی بەشداربوو لە فیستیڤاڵی(ئێم تیڤی) هەروەها ناوبراو رایگەیاند، کە داهاتی کراسەکەی بۆ قوربانیانی بوومەلەزەکەی هایتی تەرخان دەکات و بە کارەساتێکی مێژووی ناودەبات، داوا لە هاوڕێیە هونەرمەندەکانیشی دەکات کە دەستی هاوکاری بۆ ئەم وڵاتە درێژبکەن.

**ئا: هیوا**

## پێکەنین تەمەن درێژ دەکات!



بەپێی لێکۆلینەوەیەکی نوێی زانستی، پێکەنین سوودی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، چەندزانایەک لە زانکۆی لوما لیندا لە کالیفۆرنیا، لە نوێترین لێکۆڵینەوەیاندا ئاماژەیان بەوەکردووە کە سەیرکردنی بەرنامە کۆمیدییەکان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەمبوونەوەی جەڵتەی دڵ و پێکەنینی زۆر هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی کۆلیسترۆڵی باش کە بەهۆیەوە دڵی مرۆڤ لە زۆربەی نەخۆشییەکان بەدوور دەبێت. ئەو زانایانە لەو بڕوایەدان، کە گەشبینی و هیواو متمانە بەخۆ بوون و پێکەنین، هۆکاری سایکۆلۆژین و کاریگەرییان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت.

# جۆن بەرگری لە مانەوەی جوانی لێوەکانت دەکەیت؟



لێوەکانت وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی رووخسارت پێویستیان بەگرنگیی پێدان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانیت بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بمێننەوە فەرامۆشییان مەکە، پسپۆڕانی بواری ماکیاژ و جوانکاری روون دەکەنەوە کە دەکرێت رەچاوی چەند هەنگاوێک بکەن، بۆ ئەوەی هەمیشە خاوەنی لێوێکی ناسک و سەرنجڕاکێش بن.

**نهێنییەکانی جوان راگرتنی لێوەکانت**

* هەمیشە پێش سوراوکردنی قەڵەمێکی لێوەکە رەنگێکی ناسکی هەبێت چوارچێوەی لێوەکانت دیاری بکە، پاشان سوراوێکی کاڵ یان سوراوێکی تۆخ بە گونجاندنی لەگەڵ رەنگی پێست.

* هەرگیز نەکەیت رەنگی قاوەیی بەسەر رەشدا بوکاربهێنیت، چونکە ئەم رەنگە لێو بە نارێکی دەردەخات.

* ئەگەر لێوەکانت چورچی زۆر تێدایە چەند جارێک سوراوەکە بهێنە بەسەر لێوەکانتدا.

* ئەگەر لێوەکانت ساف و پانن، بە پەنجەی دەست لە ماکیاژی پشتی چاوی رەنگی بێجی لەسەر لێوەکانت دابنێ،

* ئەگەر لێوەکانت زۆر تەنکن بە قەڵەمی تایبەت قەراغەکانی لێوت دیاربکە، بە مەرجێک ئەو دیاریکردنە لە ملیمەترێک تێنەپەڕێت.

* بۆ ئەو لێوانەی تەڕو پاراون جۆری تازەی سوراو بەکاربهێنە، کە بریقەداربێت.

**ئا: رۆنیا**





## ماڵێک لە قوتووی ساردییەکان

دەمێکە گوتراوە پێویستیی دایکی داهێنانە ئەم چەند وێنەیە دروست سەلمێنەری ئەم ووتەیە، خانمێک لە پاشماوەی ژمارەیەکی زۆری بتڵی بەتاڵی خواردنەوە گازییەکان توانیویەتی ماڵێکی جوان و دەگمەن بۆ خۆی دروستبکات، ئەم خانمە جگە لە دروستکردنی ماڵێک ژینگەو دەروبەری خۆشی لەو پاشماوە زیانبەخشە پاککردۆتەوە، ماوەتەوە بڵێین ئاخۆ رۆژانە

دەبێت رۆژانە بەشی چەند خانووی لەو جۆرە بتڵە ئەفراو هاو جۆرەکانی لە کوردستان فڕێبدرێت و ژینگەیان پێ پیس و ناشیرین بکرێت.



## ئافرەتە جوانەکان زوو توڕەدەبن!

بە پێی دوا لێکۆڵینەوە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ئەو کچانەی جوان و قەشەنگن یان خۆیان لەلا جوانە ئەوە زۆر زوو توڕە دەبن، هەورەها بە پێی لێکۆڵینەوەکەش ئەو ئافرەتانەی کە سەرنجڕاکێشن لە ئافرەتانی دیکە زیاتر تووڕەدەبن، شایەنی باسە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر زیاتر لە ٥٧٩٠ ئافرەت ئەنجامدراوە.

**ئا: لارین**

## گەورەترین کوپ!

یەکێتی بەرهەمەکانی شیر لە ئەمریکا گەورەترین کوپی خواردنەوەی قاوەیان لە جیهاندا دروستکرد، کە لە توانایدا هەیە ١٨٤٣ لیتر شکۆلاتەی گەرم یان قاوە لە خۆی بگرێت ، بەمەش ئەم کوپە دەبێتە گەورەترین کوپی قاوە لە جیهاندا، هەروەها لە شاری براینت بارک کێشی ئەم کۆپە ئاشکراکرا، کە گەیشتە ١٨٩٦ کیلۆگرام ، زانایان مەزەندە دەکەن کە بە ٦ تا ١٠ هەزار کوپی بچووک قاوە بەسەر خەڵکدا دابەشبکرێت، یەکێتیەکە ئاماژەی بەوەدا مەبەست لە دروستکردنی ئەو کوپە ئەوەیە ، کە خەڵک لە وەرزی زستاندا گرنگی بە خواردنەوەی شیری دەوڵەمەند بە ڤیتامین (D) بدەن، ئەمەش لەبەرئەوەی سوودێکی تەندروستی گرنگی هەیە.



## گیتارەکەی بیکاسۆ دۆزرایەوە!

ئەو گیتارەی کە بیکاسۆ بۆ کچەی دروستیکرد بوو دۆزرایەوە، پۆلیسی ئیتاڵیا سەرکەوتنی لە دۆزینەوەی ئەو گیتارەی کە پابلۆ بیکاسۆ بۆ کچەی پلۆما دروستکرد بوو راگەیاند، ئەو ئاسەوارە هونەرییە لە شارۆچکەیەکی بچووک لە باشووری رۆما لە ناو سەندوقێکی پێڵاو لە ناو ماڵی بازرگانێک دۆزرایەوە، پۆلیس ئەو بازرگانەی بە تۆمەتی سەختەکاری دەستگیرکرد، دواتر بە دانانی متمانە ئازاد کرد. پیکاسۆر ئەو ئاسەوارە هونەرییەی وەکو دیاری بە هونەرمەندێکی ئیتاڵیایی بە ناوی جوسیە ویتوریۆ پاریسی پێشکەش کرد بوو، پاریسی ئەو گیتارەیدا بووە ئەو بازرگانە هەتا بۆی لە چوارچێوەکی شوشەی بگرێت، وابڕیار بوو پاریسی ئەو گیتارە لە شوێنی لە دایکبوونی بخاتە ناو پیشانگایەک دا، بەڵام دوای وەرگرتنەوەی لەو بازرگانە پێش دوو ساڵ ، ئەو ئاسەوارەی بیکاسۆ وون بوو، پاریسی ساڵی رابردوو کۆچی دواییکرد و هاوسەری پاریسی دژ بەو بازرگانە لای پۆلیس سکاڵای بەرزکردەوە، پۆلیس دوای پشکنینی ماڵی ئەو بازرگانە لە ناو سەندوقێکی پێڵاو ئەو گیتارەی پیکاسۆی دۆزییەوە. شارەزایەکی بواری ئاسەوار گووتی: ناوی پالۆما وەکو نیگار لە سەر ئەو گیتارەی پشت راستکردوە، پابلۆ بیکاسۆ پێشەنگی هونەری کوبیسمە، وەکو گەورەترین و ناودارترین هونەرمەندانی سەدەی بیستەم ناسراوە.



## پڕفرۆشترین فیلم

فیلمی سینەمایی (ئەڤاتار) لە دەرهێنانی (جیمس کامێرۆن) بوو بە پڕفرۆشترین فیلمی مێژووی سینەما.

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵ، فیلمی ئەڤاتار بە دەستەبەرکردنی یەک ملیارد و ٨٦٠ ملیۆن دۆلارە، فیلمی تایتانیکی تێپەڕاند و بوو بە پڕفرۆشترین فیلمی مێژووی سینەما، جیمس کامێرۆن دەرهێنەری بەناوبانگی ئەمریکی و دەرهێنەری فیلمی تایتانیک، پاش ١٠ ساڵ چاوەڕوانی بۆ فەراهەمکردنی ئامرازە تەکنیکیەکانی فیلمی ئەڤاتار، دواتر فیلمێکی دروستکرد کە هەموو بینەرێکی سەرسامی خۆی کرد.

هەرچەند ڕەخنەگرانی بواری سینەما ئەم سەرکەوتنەی فیلمی ئەڤاتار دەگەڕێننەوە بۆ گرانبوونی نرخی بلیتی سینەما لە ئەمریکا و پارەی زیادە بۆ کەڵک وەرگرتن لە چاویلکەی سێ ڕەهەندی، بەڵام دان بەوەشدا دەنێن کە فیلمەکە زۆر بەهێزە و توانیویەتی هەموو ڕەخنەگرێک سەرسام بکات.

دوای فیلمەکانی ئەڤاتار و تایتانیک، هەر یەک لە فیلمەکانی شای ئەنگوستیلەکان و چەتە دەریاییەکانی کاراییب لە ریزبەندیی پڕفرۆشترین فیلمەکانی مێژووی سینەمادا بە پلەی سێهەم و چوارەم دێن.

شیاوی باسە (جیمس کامێرۆن)ی دەرهێنەر ئاشکرای کردووە کە لە داهاتوودا بەشی دووهەم و سێهەمی فیلمی ئەڤاتاریش بەرهەم دەهێنێت.








## بەحەب تابلۆی هونەرمەندان دەکێشێت

جاسۆن مێسییێر، هونەرمەندی شێوەکاری ئەمەریکی، بە بەکارهێنانی حەبی چارەسەری نەخۆشی چەندین تابلۆی لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهان کێشا، کە مایکل جاکسۆن، ئەستێرەی کۆچکردووی پۆپی ئەمەریکی لەنێویاندابوو.

جێگەی باسە، جاسۆن مێسییێر، لە پێشانگای نێودەوڵەتی جەنگ دراوەر، لە گەلەری گێتۆگلۆس، لە شاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا، پێشانگایەک سەرجەم تابلۆکانی لە (١٧)ی ئادار دەکاتەوە.

# فیلمێکی ٨ خوولەکی چاپلن دۆزرایەوە!



لەیەکێک لەبازاڕەکانی کۆنەفرۆشی شاری تۆتنهامی بەریتانیا، پیاوێک بەناوی مورل بارک چەند کەلوپەلێکی کڕی لەنێوانیاندا فیلمێکی ٨ خولەکی چارلی چاپلنی گەورە ئەکتەری کۆمیدیای جیهانی دۆزیوەتەوە، کە تاکو ئێستا نیشان نەدراوە، ئەو فیلمە لە ساڵی ١٩٤٠ تۆمارکراوەو پڕۆپاگاندەی جەنگ دەکات، چاپلن لەو فیلمەدا دەیەوێت بە باڵۆن بچێتە ئەمریکا، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای هونەری ئاسانەوە ئامادەکراوەو بەگوێرەی تۆڕی هەواڵی مەسیحیانی فارسی زبان فیلمەکە تەواو نەکراوەو بەشێکی مۆنتاژکراوە.

دوید رابیستۆن پێیوایە ئامادەکردنی ئەم فیلمە ٤٠ هەزار جونەیهی ئەستەرلینی تێچووە.

# پۆلکە

پۆلکە رووەکێکی کێڵگەییە لە جۆری کەلوەداره پەپوولەییەکان، بە زمانی عەرەبی (بیسلی) پێدەگوترێت، پێشبینی دەکرێت ئەو ووشەیە لە بنەڕەتدا میسری بێت، لە وڵاتی شامیش پێدەگوترێت (بازالیا) ئەو رووەکە چەندین جۆری هەیە کە لە پێش لە دایکبوونی مەسیحەوە ناسراوە، گریک و رۆمەکانیش لایان ناسراو بووە، لە کۆنەوە گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپا لە دەریاچەی (بورجە) چەند عەمبارێک دۆزراوەتەوە، لە چاخەکانی (میسن) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو کاتەی پەتاتە دەرنەکەوتبوو پۆلکە ئەو سەوزەیە بوو کە بە زۆری بەکاردەهات، لە سەردەمی لویسی چواردەهەمدا ئەو رووەکە رەواجێکی گەورەی هەبوو، چونکە پادشا زۆر ئارەزووی خواردنی دەکرد، دواتر لەگەڵ کۆچبەرە ئەوروپییەکاندا گواسترایەوە بۆ ئەمریکا، ئەو رووەکە لە رووی ئابوورییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، توانای جێگیرکردنی نایترۆجینی هەیە لە خاکدا.

## پۆلکە لە خۆراکدا

پۆلکە بە دووشێوە سوودی لێوەردەگیرێت، بەتەڕی سەوزی یاخود بە ووشککراوی، هەرچەندە بەسەوزی بەهایەکی خۆراکی ئەو تۆی نییە بە بەراورد لەگەڵ پۆلکەی ووشک، بەڵام دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکان و شەکر و هەرسیشی ئاسانە بە تایبەتی ئەگەر تازە لە بڕەکە کرابێتەوە، بەڵام هەرچی پۆلکەی ووشکە، بەهایەکی خۆراکی باشی هەیە لە سەدا ٢٠ پڕۆتینەو سەدا ٦٠ کاربۆ هێدرات، هەر ١٠٠ گرام لە پۆلکەی سەوز ٥٠ کالۆری گەرمییە وزە دەدات، بەڵام هەمان بڕ لە پۆلکەی ووشک ٣٠٠ کالۆری دەبەخشێت، خواردنی پۆلکە لە زستاندا پەسەندە، چونکە وزە گەرمییەکی باش بەلەش دەدات، ئەو رووەکە توێکلێکی رەقی هەیە کە گەدە ماندوو دەکات، بە ئاسانی هەرس نابێت لەبەر ئەوە باشتر وایە توێکڵەکەی لێبکرێتەوە ئینجا بەکاربێت.

## پۆلکە لە پزیشکیدا

زانایان دوای ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوە بە رۆڵێکی چالاکەری لەش دادەنێن، هەروەها دەڵێن: ئەو رووەکە کەم خوێنی چارەسەر دەکات، بەمەرجێک تازە بێت و توێکڵەکەی سەوز و بریقەداربێت و دەنکەکانی بە ئاسانی لە دەمدا بتورێتەوە، بەڵام خواردنی قەدەغەیە لەو کەسانەی کە نەخۆشی شەکرەو هەوکردنی ریخۆڵە و بەد هەرسییان لەگەڵدایە، هەروەها زانایان لە ئەکادیمیایی زانستی ئەمریکا بۆیان دەرکەوتووە، کە بەرێژەی سەدا ١٥ هۆکارە بۆ لە ناوچوونی هۆرمۆنەکان لە لەشی ئافرەتاندا، بۆیە ئەو ئاکادیمیایە ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات کە بڕێکی کەم لەو رووەکە بخۆن.

**ئا: هیام حاتم**



# نامەی ماستەر

لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١/١٨ لە هۆڵی کۆلێژی BMU قوتابی خوێندنی باڵا- ماستەر (ئاڤان حوسامەدین سەرداری) تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی بەناونیشانی (New Role Of Project MIS ensuring better addition value by the PMO to the organizational projects) ئەنجامدرا بەسەرپەرشتی پ.د انطوان عساف، پ.د ریاض خوری، أ. أدی صادر، پ.د ستیفان گاوڤن- سەرپەرشتیار.

شایانی ئاماژەیە زانکۆی لوبنانی- فەرەنسی بەشدارە لەگەڵ زانکۆیە فەرەنسییەکان (بیکاردی جول ڤرن- أمینز، نیمن) کە بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی کار (أداره الاعمال) دەبەخشێت.

پیرۆزبایی لە خاتوو (ئاڤان حوسامەدین سەرداری) دەکەین بەبۆنەی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر نوخشە لە دکتۆراش بێت.

# کتێبێکی بە نرخ لەمەڕ گەشتوگوزاری کوردستان



هاوکارمان نادر رۆستی دەستێکی لێهاتووی لە بواری گەڕان و گەشتوگوزار هەیە و هەوڵەکانی لەم بوارە رەنگینە، جێگای هەڵوەستەکردنە، ئەوە بوو لەم رۆژانەدا، کتێبێکی بە نرخی لەمەڕ گەشتوگوزاری کوردستان کردە دیاری و ئەمەش هەوڵێکی جیدییە بۆ ئەم لایەنە زیندووەو هەقە بە وردی دیراسە بکرێت.

# وەڵامدانەوەیەک

لە ژمارە (٥٤١) لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان بابەتێک بە ناونیشانی ( گۆڕستانێکی دێرین لە نزیک گردی کلک مشک دۆزرایەوە) لەلایەن بەڕێز عەباس سلێمان سمایل بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە کە دەبێت سیمێک لێبدرێ و بپارێزرێت، زیاتر لە ساڵێکە لە دەوری گردی کلک مشکەوە بە پێی ڕێنماییەکانی شوێنەوار محەرەماتی ئەم گردە دیاریکراوە، ئینجا شوورەی بۆ دروستکراوە ئێستا پارێزراوە، سەبارەت بەو باڵاخانەیە و پێشانگایەی کە لەسەر شەقامی (١٠٠) مەتری بەرامبەر گردی کلک مشک هەموویان لە دەرەوەی سنووری محەرەماتی گردەکەن، بەڵام نەک تەنها ئەم شوێنە بەڵکو لە هەموو پارێزگای هەولێر هەر پرۆژەیەک کە دروست دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر لە خاوەن موڵک بەڵێن نامە (تعهد) لە فەرمانگەی دادنووس (کاتب عدل) وەردەگیرێت، تاکو لە کاتی هەڵکوڵین پارچە شوێنەوارێک دۆزرایەوە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکەن، تاوەکو ڕێ و شوێنی پێویست ئەنجامبدەین وە ئێستاش شوێنەوار زۆر بە ڕێکوپێکی چاودێری پرۆژەکان لە سنووری خۆیدەکات، سەبارەت بە ئەو دوو گۆڕە هەر کە ئاگادار کراین بە زووترین کات تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەو شوێنە ئامادەبوون دەستیان بە پشکنین و دەرهێنانی پاشماوە لە هەردوو گۆڕەکە کرد و لێکۆڵینەوەی سەرەتایش بۆیان ئەنجامدرا، وا باشتربوو، ئەم بەڕێزەش پێش بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەش سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمانی کردبایە، هەروا بێ زانیاری بابەتێکی بڵاونەکردبایەوە، چونکە وێنەکەی بڵاوکراوەتەوە دوای هەڵکوڵین و پشکنینی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان وێنەگیراوە بۆیە ئەم بەڕێزە پسپۆڕی شوێنەوارناسی نییە تاوەکو بزانێت چیە و چۆنە هیواداربن لە کاتی نووسینی هەر بابەتێک لەسەر شوێنەوار با لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکەن بۆ نموونە ئەم وێنانەی بڵاودەکەینەوە لە کاتی کارکردن بووە، بەم بەڕێزەش دەڵێین بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر تەقەی سەری نایە، بەڵکو بەڕێزیان بێ ئاگایە لە کاری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، هیوادارین نووسینەکان تەنها بۆ نمایشی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەبێت بۆ خزمەتی شوێنەواری گەلەکەمان بێت. ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر.

## وشەی یەکتبڕ

**ئامادەکردنی:**
**سەفەر دۆڵەمەڕی**



**ئاسۆیی:**

١- ناوی گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- دەرس- خۆزگە
٣- ڕەش- دائیرەی دەوڵەتی (پ)- نیوەی زراو
٤- هونەرمەند هەیەتی- گوتە
٥- پێچەوانەی مێ- یار (ت)
٦- باوەڕ- ژمارەیەکە
٧- ژمارەیەکە
٨- شایی و زەماوەند- سەم
٩- نادی- گۆرانییەکی ئەو گۆرانیبێژە
١٠- جنس- دوو داری دی
١١- دەورانێکی ژیانی مرۆڤە- دەریا

**ستوونی:**

١- چیایەکی کوردستانە- نە زۆر
٢- ئاژەڵێکە (پ)- ویستن
٣- شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات- چۆل
٤- نیوەی یانە- هێلین (پ)
٥- جێی بەرزایی شاخ-لا
٦- هارت (ت)
٧- ئەگەر- عیشوە
٨- شارەزا لە پیشەیەک- خاوێنکردنەوەی ڕەزو بیستان لە گژوگیا
٩- وەکو یەکە- خوری- ژمارەیەکە
١٠- سەد بە تورکی- ئەشیای زیاد بۆ کاتی پێویست
١١- ئەندامێکی خێزان (پ)- نقیشک



## چی دەزانی سەبارەت بە: ڕەنگەکان (٢)

ـ شین: پابەندە بە گەرو و غودە، فشاری خوێن کەم دەکاتەوە چارەسەریشە بۆ سەر ئێشە..

ـ ئەندیجو: لەنێوان پەمبەو وەنەوشەییە: ئەم ڕەنگە هەندێ تایبەتمەندی سڕکەری هەیە، هەندێ دکتۆر لە ویلایەتی تیکساسی ئەمریکی بۆ نەشتەرگەری بچوکدا تیشکی ئەندیجو وەکو سڕکەری لەش بەکاردێنن..

ـ وەنەوشەیی: مێشک چالاک دەکاتەوەو هاوسەنگی لەش رادەگرێت و بەتەماشاکردنی مرۆڤ هەست بە برسیەتی ناکات..

× دەروونناس و ڕەنگەکان:

بەتەماشاکردنی ڕەنگەکان کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر ئارەزووەکانی مرۆڤ دروست دەکەن، بۆ نموونە ڕەنگ هەیە مرۆڤ دڵخۆش دەکات و چالاکی پێ دەبەخشێت، ڕەنگیش هەیە بە پێچەوانەوە، مرۆڤ تووشی لەش قورسی و تەمەڵی دەکات..

ـ سوور: ڕەنگێکی بەهێزەو ڕەنگی ژیان و هیوایە، یارمەتیدەرە بۆ دەربازبوون لە بیرکردنەوە بێ سوودەکان.. بەڵام لەبەر ئەوەی بە ڕەنگێکی گەرم دادەنرێت، بۆیە هێندێک یارمەتیدەرە بۆ تووڕەبوون..

ـ پەمپەی: ناسکەو نقومی خۆشەویستیمان دەکات و هەستکردن بەتەنهاییمان لا لاواز دەکات..

ـ پرتەقاڵی: ڕەنگی خۆشییەو چالاکی و لەش سووکیت پێدەبەخشێت..

ـ زەرد: بەهەمان شێوە هەست بەدڵخۆشی و سەرکەوتن دەکەیت، وا لە مرۆڤ دەکات کە بڕیاری دروست و ڕاست وەربگرێت و متمانە بە مرۆڤ دەبەخشێت.. ـ خۆڵەمێشی: ڕەنگێ سەربەخۆ، ڕەنگی ڕاکردن و پابەندنەبوون و بەو پێیەی کە نە سپیەو نە ڕەشە.. هەستێکی نێگەتیڤی هەیە..

**ڕۆشنا عەلی**

# موزەفەر شاکر.. ئەو شاعیرەی بە غەریبی ژیاو بە غەریبی سەری نایەوە

**ئا: جەمال دیلان**

موزەفەر شاکر لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێری قەڵاو منارە لەگەڕەکی سەعدوناوە هەڵێناوە، هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعرو ئەدەب بووە، فەرمانبەرێکی دڵسۆزی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بوو، زۆربەی خزمەتەکانی لە هۆڵی میدیا وەک بەڕێوەبەرو لە هۆڵی (گەل) چەند ساڵ خزمەتی کردووە، مرۆڤێکی دڵسۆزو ئازاو بوێر بوو، زۆر رێزی خەڵکی گرتووە، جگە لە کاری وەزیفی شاعیرێکی زۆر باش بوو، زۆر لە هونەرمەندانی شیعری خوالێخۆشبوو موزەفەریان کردۆتە گۆرانی و سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، وەک (ئەی ئامان ئەی هاوار) ئەم هەڵبەستە لەلایەن گۆرانیبێژ شەوکەت تۆفیق ئاوازی بۆ داندراوەو هونەرمەند شەوکەوت تۆفیق بە دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەند خاتوو پەروین ئەنوەر گوتویانە، هەروەها هەڵبەستی (ئەزانم تۆراوی) لەلایەن مامۆستا (زوهێر تەحسین) ئاوازی بۆ داندراوەو گۆرانیبێژ (جەلال پەرێشان) لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئێستگەو تەلەڤزیۆنی تۆماریکردووە. سروودی (پێشمەرگە) گۆرانیبێژ (ئیبراهیم ئیسماعیل) بۆ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان تۆماریکردووە. هەروەها هەڵبەستی (بەدرۆ مەژی) گۆرانیبێژ (هەڤاڵ ئیبراهیم) کردوویەتی بە گۆرانی، هەروەها شیعری بۆ هەریەک لە گۆرانیبێژان سوهام حەسەن و هۆزان و دەروێش داناوەو کردوویانە بە گۆرانی، شیعرەکانی لە گۆڤاری کاروان و بەیان بڵاوکراوەتەوە.



دوا هەڵبەستی بەناوی (خۆشەویستی خاک) لە بەرواری ١٥/١٠/٢٠٠٩ تووشی نەخۆشیەکی کتوپڕ هات (جەڵتەی مێشک) ماوەی هەفتەیەک لە نەخۆشخانەی رزگاری ململانێی لەگەڵ مەرگ کرد، بەڵام بەداخەوە لە ٢٣/١٠/٢٠٠٩ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، پاش خۆی سێ منداڵی جێهێشت بەناوی (محەمەد و شێلاو پەمۆ) سڵاو لە رۆحی پاکی کاک موزەفەر کە بەغەریبی ژیاو بە غەریبی سەری نایەوە.




هەرێمی کوردستان

هەفتەنامەیەکی کلتووری-رۆشنبیرییە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەریدەکات

**جێگری سەرنووسەر**
محەمەد وەسمان

**بەڕێوەبەری نووسین**
هێمن حەساری

**بەڕێوەبەری هونەری**
کاوە فاروق

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
نەهرۆ عوسمان

**فایلەکان**

سیاسی: ئیسماعیل خالید
کۆمەڵایەتی: هاوژین عومەر
رۆشنبیری: هێمن نوری
هونەری: عەلی شێخانی
زانیاری: ئەژی چەتۆ
کوردەواری: بەهرام محەمەد (کاکل)
بەدواداچوون: محەمەد سەعید کوردە
وەرزش: عیماد قادر
هەمەڕەنگ: شیڤان شێرزاد

**بەرپرسی بەیامنێران:**
تەلار نادر

**ژمێریاری:**
نەجیبە سەلیم

**پەیوەندییەکان**
یاسین تەها
07504673807

www.heremikurdistan.com
heremi_kurdistan@yahoo.com
ghkurdistan@gmail.com

**ناونیشان:**
هەولێر -40 مەتری
نزیک فولکەی کشتوکاڵ

نرخ (500) دینار